کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:44 20-8-2007

**کۆمەڵگە و نایەکسانی ... عەزیز ڕەئووف**

"دۆستانی من! ئێمە خراپ دەژین. ئەم جۆرە ژیانە شیاوی ئێمە نیە".
چیخۆف

دوای ڕاپەڕین دەرکەوتەی قۆناغێکی نوێیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا. ئەم قۆناغەش دەتوانم بە



قۆناغی"نایەکسانی" ناوزەدی بکەم. هیچ سەردەمێك لە کۆمەڵگەی کوردیدا نابینین بارتەقای ئەم شازدە ساڵەی ڕابردوو چین و توێژەکانی هێندە بە نایەکسانی بژین. لە شازدە ساڵی ڕابردوودا ئەم وڵاتە لە ڕووی ئابووریەوە دەبێتە بەهەشت بۆ سیاسەتکاران و لە هەمانکاتدا جەهەننەم بۆ زۆرێك لە تاکەکانی کۆمەڵگە.
دوای ڕاپەڕین بە کۆمەڵگەیەك ئاشنا دەبین کە توندەتیژی پایەیەکی فراوان لە پێکهاتەیدا داگیر دەکات. لە ماوەی زیاد لە حەوت ساڵ شەڕی ناوخۆی براکان، دەستی هەبوو لە فراوانکردنی پایەکانی توندوتیژی و سەرف کردنی سامانی ئەم وڵاتە بۆ چەك و گوللە کە براکان ئاراستەی یەکتریان دەکرد. شەڕی ناوخۆ لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا دەستێکی باڵای هەبوو لە ئیفلیج کردنی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی دیموکرات و مەدەنی، بەجۆرێك نەوەکانی دوای ڕاپەڕین لە ڕەشبینی قوتار بکات. نەوەی دوای ڕاپەڕین نەوەیەکە دەبینێت براکان لە لولەی تفەنگەوە تەماشای یەکتر دەکەن، ئیدی جگە لە تێکشکانی خەونەکانی ئەم نەوەیە چیدیی نابینین.
ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا ژیان دەگوزەرێنین کە تا بیناقاقای غەرقی ناعەدالەتی و گەندەڵی ئیداری و نایەکسانی ئابووریە، بە جۆرێك کە تا ئەم چرکەساتەش دوای ئەو هەموو مژدە گەورانەی کە دەسەڵات پێمان دەدات هیچ ئومێدێك بۆ پاشتربوونی ئەم دۆخە نالەبارە لە ئارادا نیە. نوخبەیەك لە خەڵك لە های کلاسدا دەژین و زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکیش یان لە دۆخی مامناوەندیدان یاخود لە چینی نزمدان. ئەمەش بێشك دەستی هەیە لە سەرهەڵدانی نیگەرانی و دڵخۆشنەبوون بە ئەنجامەکانی شۆڕشی کوردی.
بەڵام ئەوەی بە ئاسانی هەستی پێدەکرێ لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەوەیە کە نانی ئەم کۆمەڵگەیە بە یەکسانی بە سەر تاکەکانیدا دابەش ناکرێت. سەمەدی بیهرەنگی دەڵێ:" گەر نان هەیە با بیخۆین، ئەگەر نیە با هەمووومان وەك یەك برسی بین". ئەم کۆتەیشنەی بیهرەنگی بۆ هەر کۆمەڵگەیەك دەست نەدات ئەوا سادەترین کەس دەزانی ئەم کۆتەیشنە بۆ ئێستای کۆمەڵگەی کوردی تەواو گونجاوە. کۆمەڵگەی ئێمە دابەش بووە بەسەر چینگەلێکدا کە هەندێکیان چانسی ئەوەیان هەیە خۆشترین بینا و خانوو کۆمپانیا و بە دەفتەر دۆلاریان لا کەڵەکەبێت، کە زۆرینەی ئەم چینە دەوڵەمەندە سەر بە دەسەڵاتن و ئەو کارەکتەرانەن کە لەناو هەناوی شۆڕشەوە سەریان هەڵداوە. لە بەرامبەردا چینی مامناوەند و نزم کە لە زۆرینەی کارمەندە حکومی و مامۆستا و کرێکار و خەڵکانی بێکارن، کە چانسی ئەوەیان نیە کە بتوانن لە کاتی خۆیدا کرێی خانوو بدەن، چجای هاوسەرگیری و ڕەفاهەتی ژیان و قەلەقنەبوون بەرامبەر بە نەبوونی چانسی سەرمایە بۆ ژیانی ڕۆژانەیان.
ژیان لەوەها کۆمەڵگەیەك کە هیچ گرەنتیەك نیە کە نەوەکانی سبەی لە ژیانێکی باشتردابن، وەئاگامان دەهێنێتەوە لەوەی کە لە کۆڵانەکانماندا نیگەرانی هەیە، ئەم نیگەرانیەی خەڵك بەرامبەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:44 2007-8-20

بە دەسەڵات و فراوانبوونی بۆشایی نێوانیان گەر کاڵ نەکرێتەوە، ئەوا بێشك لە داهاتوودا چانسی ئەوەیان دەبێت ببن بە پرۆژە. نەوەی ئێمە سەرباری ئەوەی کە جیاوازیەکی گەورە دەبینی لەنێوان خۆی و دەسەڵاتدا لەڕووی ڕەفاهەتی ژیانەوە، لە سەر ئاستی سیاسیشدا هەست بەو ڕاستیە دەکات کە دەسەڵاتی کوردی هیچ گرەنتیەکی لا نیە کە ئەم هەرێمە تاسەر لە ئاسایشدا دەمێنێتەوە. هیچ گرەنتیەك نیە کە کێشەگەلی وەك کەرکوك و مەسەلەی فیدرالی و مافی چارەنوسی گەلی کورد لە بەغدا دابین کراوە. لێرەوە نەوەی ئێمە لەبەردەم دوو دڵەڕاوکێی تەواو گەورەدایە:

یەکەم: هیچ ئاسۆیەك بۆ کاڵکردنەوەی سنوری دەسەڵات و جەماوەر لە ئارادا نیە. خەڵك بە هیچ مژدەیەك دڵخۆش نابێت کە سبەی بەرپرسی ئۆفیسەکانی ئەم وڵاتە واز لە گەندەڵی دەهێنن و بە یەکسانی کاری سەرجەم خەڵك بەبێ جیاوازی ڕادەپەڕێنن. سەرباری ئەوەش هیچ گرەنتیەك لەئارادا نیە کە سەرمایەی ئەم کۆمەڵگەیە بە یەکسانی بەسەر چین و توێژە جیاوازەکاندا دابەش دەکرێت. لانی کەم نەوەکانمان هیچ بەو کارتی دەنگدانە خۆش نین کە دوێنی کردیانە نێو سندوقەکانی دەنگدانەوە و ئێستاش کەس شك نابەن لە پەرلەمان کە کەم تا زۆر نەك چارەسەر بەڵکو باس لە هاتنەدی خەونەکانیان بکات.

دووەم: لە سەر ئاستی عیراق و ناوچەکەشدا هیچ ئومێدێك لە ئارادا نیە کە کێشەی کەرکوك لە وادەی خۆیدا چارەسەر بکرێت. هیچ گرەنتیەك نیە کە ئەم ئەزموونەی ئێمە "سەرباری نیگەرانی نەوەکانی" تا سەر دەبێت و دوور دەبێت لە هەر هەڕەشەیەکی دیکتاتۆر لە بەغدا و تەنانەت وڵاتانی دراوسی.

دەرئەنجام ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا ژیان دەگوزەرێنین کە نەوەکانی تەواو نیگەرانن لەم بارودۆخە. ئەمەش پەیوەندی بە نەوەگەلێکەوە هەیە کە پێیان وایە مادام ئەوان پێش ئێمە چەکیان کردۆتە شان دەبێت لە ئێمە ڕافاهتر و خۆشگوزەرانتر بژین. نایەکسانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەوەها ساتێکدا تەواو ترسناکە، ئەمەش بێشك دەستی هەیە لە دوورکەوتنەوەی نەوە نوێیەکانی ئەم کۆمەڵگەیە لە پرۆسە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا، ئیدی فەزایەك دەبینین لە نەگۆڕان و چەقبەستن، دەرئەنجامیش کۆمەڵگە هەرگیز لە قەیرانەکان قوتاری نابێت.

azizrauf2003@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.